# دواهەمین نێردراو

# دواهەمین نێردراو

ناوی نووسەر: ئەندریاس هەمزە تزۆرتزیس
نـــاوی وەرگێڕ : شـــاگوڵ ئیبــراهـــیم
دیزاینی ناوەوە: زەردەشت کاوانی
نۆبــەتـی چـــاپ: یــەکـــەم ٢٠٢٠
تـیـــــــراژ: ١٠٠٠ دانـــــه

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (١٩٠٨) ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

# دواهەمین

# نێردراو

نووسینی

ئەندریاس هەمزە تزۆرتزیس

وەرگێڕانی

شـــاگوڵ ئیبـــراهـــیم

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشکەشە بە

ڕووحی پاک و پیرۆزی ئەو کۆتا پەیامبەرەی کە بەو پەڕی ئەمانەتەوە، پەیامەکەی پێ گەیاندین......

ASTANA

# دواهەمین نێردراو
## (ببورە سەرقاڵم، کاتم نییە)

ئەمە یەکێکە لەو وەڵامە بەربڵاوانەی کە لەم ڕۆژگارەدا دەیبیستین، بێگومان قسەیەکی دروستە. کات سەرچاوەیەکی سنووردارە، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەک وریا بین لە بەکارهێنانیدا، بەتایبەت کە هیچ کات ناتوانین قەرەبووی بکەینەوە.

مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە نرخی کات دەزانێت کە خەریکە لە دەستی دەڕوات. بۆ نموونە پێنج کاتژمێری پێش دوا مۆڵەت، پڕ بەرهەمترە وەک لە پێنج هەفتەی پێشوو. بەو پێیەی کە کات شتێکی بە بەهایە، دەبێت تەنانەت لە خۆت بپرسیت کە بۆچی خۆت بە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیەوە سەرقاڵ دەکەیت؟!

چەقی بابەتەکە لێرەدایە؛ بە درێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی، خوا پەیامبەرانی ناردووە تاوەکوو ئێمە ڕێنوێنی بکەن. بەڵام ئیتر ناردنی پەیام وەستاوە، هیچ پێغەمبەرێکی تریش نایەت.

کۆتا پەیامبەر هات، وە لەدوای ئەو هیچ پەیامهێنێکی تر نایەت. دوا مۆڵەت نزیکە، تۆش پێویستە بڕیار بدەیت کە ئایا ئەم پەیامە بە دڵ وەردەگریت یاخود نا، چونکە ئەمە بڕیار دەدات کە شوێنی ئەبەدی تۆ لە کوێدا بێت.

ASTANA

من باسی باوەڕهێنانێکی کوێرانە ناکەم. لە ڕاستیدا ئەم پێغەمبەرە بەڵگەی بەهێزی هەبووە کە ڕاستێتی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان سەلماندووە و پاڵپشتی پەیامەکەیان کردووە. چەند خولەکێکی تر شتانێکی زۆر فێر دەبیت دەربارەی پیاوێک بە ناوی (محمد ﷺ).

کەسێک کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو کۆتا پەیامهێنی خوایە. بەڵێ، ئەمە بانگەشەیەکی ئاسان نییە، بەڵام هاوکێشەیەک هەیە کە دەتوانین بەکاریبهێنین بۆ دەرخستنی ڕاستییەتی ئەم بانگەشەیەی ئەم مرۆڤە دەیکات. ئەگەر ڕق و کینەمان لابدەینە لاوە و بە شێوەیەکی بابەتیانە لە ژیانی بڕوانین، دەتوانین تەنیا سێ ئەگەر هەڵگۆزین لە بانگەشەکەیەوە:

**یەکەم:** کەسێکی درۆزن بووە.

**دووەم:** کەسێکی خەڵەفاو بووە.

**سێیەم:** کەسێکی ڕاستگۆ بووە.

لە ڕاستیدا، دەکرێت ئەمە بۆ هەر کەسێک بەکاربهێندرێت کە بانگەشە بۆ هەر شتێک بکات. ئێمەش لێرەدا ئەم هاوکێشە بۆ تێگەیشتن لە ڕاست و دروستی بانگەشەکەی (محمد ﷺ) بەکاردەهێنین.

# ١

## ئایا (محمد ﷺ) درۆزنێک بوو؟

بە چاوخشاندنێکی کورت و خێرا بە تۆماری وردی مێژووی (محمد ﷺ)دا، کۆمەڵێک زانیاری دەردەکەوێت کە جێی تێڕامانن، سەرجەمییان نیشاندەری ڕەوشتبەرزی ئەون. ئەو لە هۆزێکی ڕێزداری شاری مەککە لە دایك بووە بە ناوی (بەنی هاشم) کە پاسەوانیی و پارێزگارییان لە ماڵە پیرۆزەکەی کەعبە دەکرد، هەر ئەمەش هۆکاری بەشێک لە ناوبانگی (محمد ﷺ) بوو. عەرەبە بت پەرستەکانی ئەوکات لە سیستەمێکی تەواو خێڵەکیانەدا دەژیان. سەرەڕایی ئەوەی تێکڕای خەڵکی مەککە متمانەیان بە (محمد ﷺ) هەبوو، تەنانەت نازناوی (ئەمین)یان خستبووە پاڵی کە بە واتایی (جێی متمانە) دێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناسراو بوو بە راستگۆیییەکەی لە کاروباری بازرگانی و مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا، هەروەها ناوبانگی لە یارمەتی هەژاران و بێباوکان و ژنانی بێ هاوسەر و چەوساوەکاندا پەیداکردبوو.

لەو کاتەدا نەک بە تەنیا عەرەبە خێڵەکییەکان، بەڵکوو کەسانی هەڵگری بیروباوەڕی یەک خوایی ابراهیم پێغەمبەریش بە چڕی کەوتبوونە ژێر بیروباوەڕی بتپەرستی و خورافیاتەوە. بتپەرستی ڕەنگی کایەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کردبوو. لە تەمەنی چل ساڵییدا (محمد ﷺ) بە خەڵکی ڕاگەیاند کە سەرجەم ئەم بتانە و

پەیڕەوکاری لێیان خورافیاتە و هەڵەیە، وە هەموو ئەوانەی بڕوا بەوانە دەکەن بە سزایەکی نەبڕاوە سزا دەدرێن لە بەرانبەر دژایەتی کردنی تاك و تەنیایی خوای مەزندا.

(محمد ﷺ) لە ڕەخنەگرتن لە سەرجەم ئەم ئایینە گومڕاکەرانەدا زۆر سەرڕاست بوو. ئێستا بیر لەوە بکەرەوە بۆچی دەبێت درۆ بکات؟ خەڵکی کە درۆ دەکەن یان بۆ ئەوەیە لە نارەحەتییەک دەربچن، یاخود بۆ ئەوەی سوودێکیان دەستکەوێت. بەڵام ڕەفتار و هەڵسوکەوتی (محمد ﷺ) لەگەڵ ئەم دوو مەبەستەدا چلۆن یەکدەگرێتەوە؟ بتپەرستان ئایینەکەیان زۆر بە دڵ وەرگرتبوو، بەتایبەتیش کاتێک کە پەیوەستیان دەکرد بە باوباپیرانیانەوە، ئەمە وایدەکرد هێندەی تر شانازی پێوە بکەن.

لە کاتێکی زۆر کەمدا (محمد ﷺ) لە کەسێکی ڕێزدارەوە بوو بە کەسێکی بێزراو و بەرهەڵستیکار بۆ دەستەبژێرانی خەڵکی مەککە. لە سەرەتادا هەوڵیاندا بەرتیلی پێ بدەن، پارە، ژن، تەنانەت پاشایەتیان پێشکەش کرد تەنیا لە بەرانبەر سازشکردن لە پەیامەکەی، کاتێک لەم هەوڵانەیاندا شکستیان هێنا، ڕێگەی پەلامار و سووکایەتی و لێدانیان گرتەبەر، تەنانەت پلانیان دانا بۆ کوشتنیشی. بەڵام (پێغەمبەرﷺ) نەک هەر سازشی لە پەیامەکەی نەکرد بەڵکوو بە دەنگێکی بڵندتر بانگەشەی دەکرد و زیاتر بەرهەڵستی دەکردن.

سەرەڕایی ئەوەی شوێنکەوتووانی کەم بوون، بەڵام ئەوانیش دەچەوسێنرانەوە، بۆیە دەبوو کۆچ بکەن بۆ وڵاتێکی تر، لە کۆتایشدا خودی (پێغەمبەرﷺ) ناچار بوو لە شارێکی تر بەدوای پەناگەدا

ASTANA

وێڵ بێت. لێرەدا دەردەکەوێت گەر (محمد ﷺ) درۆزن یاخود هەڵخەڵەتێنەرێک بووایە (حاشا لە ڕووی ئەو پێغەمبەرە مەزنە)، ئەوە وەکوو ئەوەی سیاسییەکان دەزانن، دەبوایە هاوڕایی ویست و باوەڕی خەڵکی بێت نەک بە پێچەوانەوە ڕەفتار بکات.

بۆچی بە پێشنیاری سازشکردن رازی نەبوو و ئەو پلە و پۆستانەی ڕەتکردەوە؟ ڕەنگە بوترێت کە مەبەستی (محمد ﷺ) لە درۆکردنیدا بۆ (ئێرە و ئێستا) نەبووبێت، بەڵکوو لەبڕی ئەوە، ویستوویەتی ئەفسانەی تایبەت بە خۆی دروست بکات کە لەدوای مردنیشی ناو و نازناوی بمێنێتەوە، بەمانایەکی تر (پرۆژەیەکی زەبەلاحی پڕ شکۆ) دروست بکات. بەڵام ئەم جۆرە تۆمەتانە تەنیا لە دوای مردنییەوە دەتوانن هەڵببەسترێن. گەر بە تێڕوانینێکی ماددییانە بۆ ئەو کاتەی (محمد ﷺ) بڕوانین دەبینین ئەم پەیامهێنە هیچ چانسێکی سەرکەوتنی نەبووە.

حەقیقەتی سەرکەوتنی (محمد ﷺ) هیچی کەمتر نەبووە لە موعجیزەیەك. لەگەڵ ئەوەشدا یەکجار بێ فیز و لەخۆبردوو بووە، سەرجەم سەرکەوتنەکانی خۆی گەڕاندۆتەوە بۆ خوا. پۆشاکی وەکوو خەڵکی بووە و لەگەڵ ئەوانیشدا ژیاوە، ئەمە سەرەڕایی هەبوونی توانای بۆ گەیشتن بە ژیانێکی دەوڵەمەندانە، بەڵام خۆی و خێزانەکانی ساکارترین ژیانیان هەڵبژاردووە. ئەگەر ئامانجی (محمد ﷺ) ناوبانگ بووایە، ئەوە دەبوایە هاوشانی بانگەشەی بۆ پەیامی خوا، ڕێگەی بۆ خەڵکی بکردایەتەوە تاوەکوو بەردەوام بن لە پەرستنی بتەکانیان.

خۆ لە بنەڕەتدا بتپەرستەکان بڕوایان بە دروستکەرێکی مەزنی

نادیار هەبوو، ئەوان وایان لێکدەدایەوە کە ئەو بتانە دەتوانن لە خوایان نزیك بکەنەوە، هەر بۆیە بانگەشەکردن بۆ پەرستنی خوایەکی تاك و تاقانە ڕێگەیەکی نەگونجاوە بۆ وەدەستهێنانی ناوبانگ و دەسەڵات. تەنانەت (محمد ﷺ) خەڵکی لەوە هۆشیار کردووەتەوە کە زیادەڕەوەی نەکەن لە پێداهەڵدانیدا.

حَدَّثَنَا الْحُمَيْدِيُّ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، قَالَ سَمِعْتُ الزُّهْرِيَّ، يَقُولُ أَخْبَرَنِي عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، سَمِعَ عُمَرَ ـ رضى الله عنه ـ يَقُولُ عَلَى الْمِنْبَرِ سَمِعْتُ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم يَقُولُ (لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ، فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ)[١]

(واتە: بەسەرمدا هەڵمەدەن وەکوو بەسەر عیسای کوڕی مەریەم دا هەڵیاندەدا، بێگومان من بەندەی خوام، بۆیە بڵێن بەندەی خوا و پێغەمبەر خوا.)

هەروەها دەیفەرموو: (خوایە؛ گۆڕەکەم نەکەیت بە بت و بپەرسترێت)

پرۆ فیسۆری خانەنشین، (مۆنتگۆمێری وات) شارەزا لە لێکۆڵینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان، لە پەرتووکەکەی خۆی دا بە ناوی (محمد لە مککە) ئاماژە بەوە دەکات کە:

(ئامادەیی محمد بۆ بەرگەگرتنی ئەشکەنجە و ستەم لە بەرانبەر بیروباوەڕەکەیدا و ڕەوشت بەرزی ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێ‌هێنابوو وە ڕوانین لێی وەکوو سەرکردەیەك، پاشانیش مەزنی سەرکەوتنەکەی،

---

(١) صحيح البخاري، الرقم ٣٤٤٥

هەموو ئەمانە وایان کرد کە ڕەوشتەکەی ببێتە باسی گفتوگۆ. دانانی محەمەد بە کەسێک کە نواندنی کردووە، کێشەی زیاتر دەهێنێتە بوون نەک چارەسەر)

بێجگە لە ویست و دەستکەوتی دونیایی، یاخود هەوڵدانی بۆ پەرستنی و بەگەورە دانانی لە داهاتوودا، (محمد ﷺ) هیچ شتێکی تری نییە تاوەکوو وای لێ بکات هێندە سوور بێت لەسەر پەیامەکەی، یاخود ئەو هەموو ئەشکەنجەیە لە پێناویدا قبووڵ بکات. بێگومان دەبێت هۆکارێکی تر بۆ ئەمە هەبێت. خەڵەفاو بوو یان شێت بوو؟ بەڕاستی پەیامی پێدەگەیشت لەلایەن خواوە یاخود خودی خۆی ئەم بڕوایەی بۆ خۆی دروستکردبوو کە پەیامی پێدەگات؟ لەوانەیە ئەمە بتوانێت هۆکارێک بێت بۆ هەوڵە سەرسەختانەکانی (محمد ﷺ) لەپێناو بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی، بەبێ گوێدانە زەبر و چەوساندنەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە بەڵگە بەردەستەکان ناتوانن پشتگیری لەم بۆچوونەشیان بکەن.

## ٢

## ئایا (محمد ﷺ) خەڵەفاو بوو؟

کەسانی ناتەواو و خەیاڵپڵاو ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان ئەوەی ڕاستە و ئەوەی هەڵەیە، هەوڵدەدەن هەرچی بەڵگە هەیە بەکاری بهێنن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو شتەی بانگەشەی بۆ دەکەن. یەکێک لەو ڕووداوە کاریگەرانەی کە بە تەواوی نیشاندەری ڕاستگۆیی و ژیری (پێغەمبەرﷺ) لە هەموو کاتێکدا، ڕووداوی دوای مردنە خەمناکەکەی (ابراهیم)ی ساوایی کوڕی (پێغەمبەرﷺ) بوو.

(ابراهیم) لەدوای تووشبوونی بە نەخۆشییەک بە ماوەیەکی کەم گیانی سپارد، لەدوای ناشتنی لاشەکەی خۆرگیران ڕوویدا. هەندێک لە موسڵمانەکان ئەمەیان وەکوو (موعجیزەیەك) لێکدایەوە، دواتریش ئەم بۆچوونە بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە. هەواڵەکەش بە جۆرێک بوو کە خۆر لەبەر مەرگی خەمناکی (ابراهیم) گیراوە، بەڵام (پێغەمبەرﷺ) هەر کە گوێبیستی هەواڵەکە بوو فەرمووی:

إِنَّ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ مِنْ آيَاتِ اللهِ، وَإِنَّهُمَا لَا يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ، وَلَا لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُمَا فَكَبِّرُوا، وَادْعُوا اللهَ وَصَلُّوا وَتَصَدَّقُوا...[١]

(واتە: بێگومان خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوا،

---

(١) رواه مسلم ٩٠١

لەبەر مەرگ و ژیانی هیچ کەس ناگیرێن. گەر بینیتان ئەوەش ڕوویدا خوا بە گەورە بگرن و لێی بپاڕێنەوە، نوێژ و چاکە بکەن.)

شێتێک یان خەڵەفاوێک زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لەگەڵ خەڵکەکەدا هاوڕا بێت، بەتایبەت کە ئەم بیروبۆچوونە لەو سەردەمەدا بڕوایەکی زۆر باوی ناو خەڵکی بوو. وە بیوتایە:

(بینیتان، ئەمە بەڵگەیە کە من پێغەمبەرم، تەنانەت خۆر و مانگیش هاوخەمی منن)

تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، سەرەڕای شارەزا بوون لە زانستی گەردوونناسیدا، هێشتاش کەسانێک دەکرێت بڕوا بەمە بهێنن (هۆکار بۆ خۆرگیران بهێننەوە)، وە هەروەها گەر پێغەمبەریش درۆزن بوایە (حاشا لەو پێغەمبەرە مەزنە) ئەوە هەمان حاڵەتی بەکاردەهێنا وە خەڵکی پێ هەڵدەخەڵەتاند. دوور لە سەرلێشیواوی و خود پەرستی، (محمد ﷺ) بەردەوام بیری لە لای هێنانەوەی دڵی خەڵکی بووە بۆ لای خوای تاقانە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شێتی بریتییە لە قسەکردن و ڕەفتاری دوور لە ژیری و نەگونجاو و ناتەبا. بۆ نموونە، دەکرێت ئەمڕۆ بانگەشەی شتێک بکات، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر بە تەواوی دژی ئەو بانگەشەیەی بوەستێتەوە. بەڵام یەکێک لە لایەنە ڕوون و ئاشکراکانی (پێغەمبەرﷺ) هەر لە سەرەتایی پێغەمبەرایەتییەکەیەوە بریتی بوو لە تەبایی پەیامەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ.

بانگەشەکەی بە پەیامێکی ڕوون و ڕەوان دەستی پێکرد و بەردەوام

بوو، کە بریتیی بوو لە پەرستنی خوای دروستکەری تاقانە بەبێ هاوبەش دانان بۆی، لەهەمان کاتدا سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا بۆ ئەو پێگە نالۆژیکییەی کە تێیدان، ئەویش پەرستنی بتێکە کە خۆیان بە دەستەکانی خۆیان دروستیانکردووە، بتانێک کە هیچ یارمەتی و زەرەرێکیان لە دەست نایەت. ئەو ڕاستییەی کە نیشانی دەدات (محمد ﷺ) گۆڕانێکی گەورە و دوور مەودایی لە نێو خەڵکی بتپەرستدا کرد، بەڵگەی ئەوەیە زۆر زەحمەتە وەها گۆڕانێک بە کەسێکی شێت و سەرلێشیواو بە دەست بێت.

وەک دەبینین ئیسلام لە سەردەمی ئێستاشدا، بە قووڵی بەردەوامە لە کاریگەری دانان لەسەر ژیانی خەڵکی. تەنانەت مێژوونوسانی ناموسڵمانیش (محمد) ﷺ وەکوو یەکێک لە کەسە کاریگەرەکان داناوە کە لە سەرجەم سەردەمەکاندا خەڵکی بە پەیامەکەی کاریگەربوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێنماییەکانی ئەم پێغەمبەرە بەتەنیا لە لایەنە ڕووحییەکەدا قەتیس نەبووە، بەڵکوو دەکرێت بە شێوەیەکی فراوان و لە سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤدا سوودی لێوەربگیرێت، لە نێویشیاندا لایەنی ئابووری و ژیانی خێزانی و سیستمی یاسایی و خۆراك و پاك و خاوێنی.

چۆن دەکرێت کەسێکی نەخوێندەوار کە لە بیابانێکدا دەژی ئەم مەعریفە و تێگەیشتنەی بەدەستهێنابێت؟ تەنانەت دەکرێت کەسێک دوورتر بڕوات و بڵێت، ئایا ئەگەر ڕێنماییەکانی (محمد ﷺ) بە سەرلێشواوی دابنرێت، کەواتە لەسەر چ بنەمایەک بە کەسێک دەوترێت سەرلێشێواو و خەڵەفاو؟ (محمد ﷺ) چۆن توانیی بە یەکجاری

کهول قەدەغە بکات؟ لە کاتێکدا ئەمە ئەرکێکی یەکجار زەحمەتە، چونکە عەرەبی ئەو کات مەیخۆری ڕاستەقینە بوون، تەنانەت شعر و داستانیان بەسەر مەییدا هەڵدەدا.

بە بەراورد لەگەڵ شکستی تەواوی مۆدێرنەدا، لە کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار و باڵادەست لە تەکنەلۆژیایی وەکوو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، زەبر و زۆری بەکارهێنا بۆ قەدەغەکردنی کهول. بەڵام ڕێگەکەی (محمد ﷺ) ئارەزوومەندانە و بە دیقەتانە بوو، تێیدا سروشتی مرۆڤ و خووەکانی تایبەت بە ئالوودەبوون لەبەرچاو گیرابوون.

(پێغەمبەرﷺ) بەرە بەرە لە کهولی دوورخستنەوە، ئەویش بە نیشاندانی ئەو خراپە و زەحمەتیانەی کە کهول سەری بۆ دەکێشێت، دواتریش بە شێوازی قۆناغ بەندی قەدەغەکردنی بەکارهێنا، لە کۆتاییشدا بە یەکجاری قەدەغەی کرد. لەکاتی دابەزینی ئایەتەکانی قەدەغەکردنی کهولدا، خەڵکی شەرابەکانیان دەڕژاند و ئەوانەشی لە دەمیاندابوو تفیان دەکردەوە، تاوەکوو شەرابی قەدەغەکراو لە شەقامەکاندا وەکوو ڕووبارێکی بچووك جۆگەی بەست. سەرجەم ئەمانەش بە خۆبەخشانە و بەبێ هیچ یاسایەکی زۆرەملێ ئەنجامدرا.

نیشاندەرێکی تری ڕاستگۆی و سادەیی (محمد ﷺ) شێوازی مامەڵە و دانوستانی بوو لەگەڵ دوژمنەکانیدا، بۆ ئەمەش دەکرێت سوڵحی حودەیبییە بە یەکێک لە زەقترین نموونەکان دابنێین. لەوکاتەی شوێنکەتوانی (پێغەمبەرﷺ) لە ڕێگە بوون بۆ ئەنجامدانی حەج لە مەککە، زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی دەست بەسەر شاری مەککەدا بگرن، بەڵام لەبری ئەوە (محمد ﷺ) ڕێککەوتنی لەگەڵیان هەڵبژارد.

قورئان بەم ڕێککەوتنە دەڵێت (سەرکەوتنی گەورە) کە ڕەنگە هەندێک لە شوێنکەتووانی (پێغەمبەرﷺ) لەمە نەگەیشتبن. تەنانەت یەکێک لە نزیکترین هاوەڵانی زۆر بە ڕوونی دژی ڕێککەوتنەکە دەوەستێتەوە, ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەستەواژەی (ڕێککەوتن) شتێکی ویستراو نەبوو بۆ موسڵمانان. لەکاتی نووسینی دەقی ڕێککەوتنەکەدا، یەکێک لە هاوبەش پەیداکەران گاڵتە بە داوایەکی (پێغەمبەرﷺ) دەکات، کاتێک کە ناوی خۆی بە (محمد، پێغەمبەری خوا) تۆمارکرد بوو، پێی وتبوو: (گەر بڕوامان بەمە هەبووایە (کە تۆ پێغەمبەری خوا بیت)، ئەم ناکۆکییە بوونی نەدەبوو).

پێغەمبەر داوای لە نووسەرەکەی کرد کە لەسەر داوای ئەوان ئەم دێڕە بسڕێتەوە، لەبری ئەوە بنوسێت (محمدی کوڕی عبدالله)، کاتێک کە هیچ یەک لە هاوەڵە نزیکەکانی (پێغەمبەرﷺ) ئەم کارە ناکەن، (محمد ﷺ) خۆی قەڵەمەکە هەڵدەگرێت و بە دەستی خۆی هێڵی بەسەردا دەهێنێت. مامەڵەکردن بەم شێوازە ئارام و واقعبینیانەیە بە هیچ جۆرێک ڕەفتار و هەڵسوکەتی کەسێکی شێت و سەرلێشیواو نییە.

دووبارە سەرجەم ئەم نموونانە دەمانگەیەنێتە ئەو پرسیارەی کە: (محمد ﷺ) ئەم مەعریفە و تێگەیشتنە قووڵ و کاریگەرەی سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ لە کوێوە بەدەستهێناوە؟ چۆن توانیوویەتی وەها گۆڕانکارییەکی درێژ مەودا و گەورە نەک تەنیا لە خەڵکەکەی دەوروبەریدا، بەڵکوو لە تەواوی جیهاندا بخوڵقێنێت؟ ئەگەر کەسێکی درۆزن یان خەڵەفاو نەبووە، ئەی کەوایە چی بووە؟ تەنیا یەک ئەگەر

دەمێنێتەوە، بە تەنیا ئەو ئەگەرەش دەتوانێت پڕاوپڕی ئەو پیاوە مەزنە بێت.

ASTANA

# ٣
## کەسێکی ڕاستگۆ بوو؟

ئەگەر (محمد ﷺ) بەڕاستی پێغەمبەری خوا بووە و ڕێنمایی و سروشی لە خالقەوە وەرگرتووە، ئەمە دەرخەری ڕاستگۆیی و سەرڕاستی، هەروەها خۆتەرخان کردنە بێ سازشەکەیەتی لە پێناو پەیامەکەیدا. لەگەل ئەوەشدا نیشاندەری ڕوانینە قوڵەکەیەتی بۆ سروشتی مرۆڤ و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنێکی ئەرێنیانەی سەرجەم خەڵکییە لە هەموو نەتەوە و کلتوورەکان هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش. کە ئەمەش نیشانەی هەبوونی مەعریفەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایینی و یاسایی و مێژوویی و بەڵگەداری ڕێنماییەکانییەتی.

(پێغەمبەر ﷺ) بۆ چاککردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بەدیهێنەرەکەی نێردرابوو، داوای ئەو لە خەڵکی بەتەنیا پەرستنی خوا بوو. خوایەکی بێ کەموکورتی و نادیار، خوایەکی باڵادەست و میهرەبان و لێخۆشبوو.

کۆتا شت کە لەم نامیلکەیەدا بخرێتە بەر باس دەربارەی بانگەوازەکەی وەکوو پێغەمبەرێکی خوا، بریتییە لە وردی پێشبینییەکانی ئەم پێغەمبەرە سەبارەت بە ڕووداوەکانی داهاتوو.

نموونەیەی زۆر لەبارەی پێشبینییەکانی پێغەمبەر (محمد ﷺ)وە هەن، زۆرینەیان لە کتێبی (The Forbidden Prophecies) باسکراون، ئێمە لێرەدا تەنیا یەکێک پێشبینیانە باس دەکەین بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر بە ڕوونی هاتووەتە دی.

## پێشنیی بۆ داهاتووی عەرەبە دەشتەکییەکان

هەزاران ساڵ لەمەو پێش، دوو جۆر عەرەب هەبوون: شارنشینەکان و دەشتەکییەکان (بەدەوییەکان). شارنشینەکان زۆرینەی عەرەبیان پێکدەهێنا کە لە شارە دێرینەکانی وەکوو دیمەشق و قاهیرە و مەککە و سەنعا و بەغداد دەژیان. لە لایەکی ترەوە، دەشتەکییەکان کۆچەریی بوون، بە بیابانە مەزنەکاندا کۆچیان دەکرد و بەردەوام لە گەڕاندا بوون. تەنانەت لەو کاتەی کە ئوممەتی ئیسلام لە (چەرخی زێڕین)ی دا بوو، ئەم کۆمەڵەیە دەستبەرداری ئەم شێوازە ژیانەیان نەبوون کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بوو پەیڕەوییان لێکردبوو، هەژار و نەخوێندەوار و دابڕاو بوون لە سەرجەم جیهان.

لە ساڵی (١٩٤٠)کاندا، توێژەری ئینگلیز (سێر ویلفرد ثیسیگەر) بەو ناوچە دەشتەکییانەدا گەشت دەکات و بەم جۆرە بارودۆخیان دەنوسێتەوە:

(لەو کاتەی کە گوێم هەڵخستبوو بۆیان، بیرم لەوە دەکردەوە کە ژیانی بەدەوییەت چەند لەرزۆکە. شێوازی ژیانیان بە ئاسایی وای

لێکردبوون کە زۆر بڕوایان بە قەدەر بێت، ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوانەوەیە. بە ئەستەم بیریان لە سبەینێیان دەکردەوە، لە کاتێکدا بارینی باران، پەلامار و هێرش و نەخۆشیی، یان هەر شتێک لەو سەدەها ئەگەرە دەیتوانی بێ چارەیان بکات، یان کۆتایی بە ژیانیان بهێنێت. ئەوەی لە تواناییان دابووایە دەیانکرد، زۆریش متمانەیان بە خۆیان بوو، بەڵام ئەگەر شتەکان بە ئاقاری ویستی ئەوان نەبووایە ئەوە بەبێ ڕووگرژی وەکوو ویستی خوا قبووڵییان دەکرد)(١)

سەرەڕایی ئەمانە، (محمد ﷺ) پێشبینی ئەوەی کردووە کە ڕۆژێک ئەم عەرەبە دەشتەکییانەی ناوچەکەی پێشبرکێی دەکەن لەسەر بنیادنانی باڵەخانەی بەرز، کە پرسیاری ڕۆژی دوایی لێدەکرێت دەفەرمووێت:

(....... وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ .....)(٢)

(واتە: یەکێک لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە کە عەرەبی پێ پەتی، پێشبرکێ دەکەن لەسەر دروستکردنی باڵەخانەی بەرز.)

کە ئەمە بە یەکێکە لە بەناوبانگترین و بەرجەستەترین فەرموودەکانی پێغەمبەر (محمد ﷺ) دادەنرێت.

---

(١)Thesiger, Wilfred (2007), Arabian Sand, Penguin, Kindle Edition, Loc 3572.

(٢) رواه مسلم برقم ٨

بڕوانە لە وردی وەڵامەکەی (پێغەمبەرﷺ) لەو کاتەی کە پرسیاری لێدەکرێت دەربارەی ڕۆژی کۆتایی یاخود قیامەت کە دەڵێت: خەڵکانێکی دیاریکراو، دەشتەکی هەژاری ناوچەکە، واتە دیاریان دەکات. دەکرا (محمد ﷺ) سەرکێشییەکی سەلامەتتری کردبایە بە بەکارهێنانی زمانێکی گشتی تر وەڵامی بدایەتەوە، بۆ نموونە وتبایی: (دەبینن کە پێشبڕکێ دەکرێت لەسەر بنیادنانی باڵەخانەی بەرز ...) بێگومان ئەم قسەیەی کۆتایی زیاتر مەتاتی و گشتگیر دەبوو، دەکرا بەسەر هەرکەس و لە هەرکوێی زەویدا بێت جێبەجێ بووایە.

لەم ڕۆژگارەدا و لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دا، دەتوانین گروپێکی دیاریکراوی عەرەبی ببینین کە تاوەکوو ساڵانی ناوەندی سەدەی بیستی ڕابردوودا خەریکی بەخێوکردنی وشتر و مەڕ بوون، بەڵام ئێستا لە پیشبڕکێ دان بۆ دروستکردنی بەرزترین باڵەخانەکان. چۆن ئەم گۆڕانکارییە بەم ماوە کەمە ڕوویدا؟

چۆن ئەم نەتەوە هەژارە کە لە بری پێڵاو چەرمییان لە پێدەکرد، بەوجۆرە بوون بە دەوڵەمەندترین نەتەوەی سەر زەوی؟

لە ڕاستییدا، زنجیرەیەک ڕووداو وایکرد سەرجەم ئەمانە ڕووبدات، بە نموونەش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی (کە پێشتر دەسەڵاتی بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبی دا گرتبوو) وە سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی مامەڵەکردنی ئیسلامییانەی توند لەلایەن سەرۆك هۆزە دەشتەکییەکانەوە، هەروەها لابردنی پاسەوانانی ئەو شارە دێرینە هاشمییە لە هەردوو مزگەوتی پیرۆزی مەککە و مەدینە.

شتێكی تر وایكرد ئەم گۆڕانكارییە خێراتر بێت، شتێک كە دەكرێت جیهانی مۆدێرنەی ئێستا لە هەموو هۆكارەكانی دیكە زیاتر لەلای جێ بایەخ بێت، ئەویش نەوتە! وەكوو دەبینرێت بیابانی عەرەبە دەشتەكییەكان بڕێكی زۆری لە نەوت هەڵگرتووە. لە مەودایی نەوەیەكدا دەشتەكییەكان لە وشترەوە گەیشتن بە ئوتومبیلی كادیلاك.

لە ئەمرۆشدا، گەورەترین باڵەخانەی جیهان دەكەوێتە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە، بە دیاریكراویش ئەم گۆڕانكارییانە لەو ناوچانەدایە كە دەشتەكییەكان تێیدا ژیاون. لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا بورجی خەلیفە بەرزترین باڵەخانەیە بە بەرزی ٨٢٨ مەتر، بەڵام ماوەیەكی كورت دوای تەواو بوونی ئەم بورجە، خێزانێكی پێشبڕكێكاری سعودی ڕایانگەیاند كە ئەوان دەیانەوێت بەرزترین باڵەخانە (بە بەرزی ١٠٠٠مەتر) بە ناوی (تاوەری شاهانە) دروستبكەن، بە شێوازێكی تر خەریكی پێشبڕكێكردنی یەكترین لەسەر دروستكردنی بەرزترین باڵەخانەی جیهان.

باشە چی شتێک هانی (محمد ﷺ)ی دا تاوەكوو وەها پێشبینییەک بكات؟!

ئەگەر تەنیا نیازی پێشبینیكردنی هەبوو، ئایا لۆژیكییانەتر نەدەبوو ئەگەر ئەم پێشبینییەی پەیوەست بكات بە هێزە دەسەڵاتدارەكانی سەردەمی خۆیەوە، بە نموونەی ڕۆم و فارس یان تەنانەت چین كە بە پێچەوانەی عەرەبەكانەوە حەزێكی زۆریان بۆ دروستكردنی باڵەخانە و كۆشكی زیاد لە پێویست هەبوو. خودی (پێغەمبەرﷺ) حەزی بەوە نەكردووە كە موسڵمانان سەرقاڵی هەوڵدان بن بۆ زیادكردنی سامانی

نا پێویست، تەنانەت زۆرجار هۆشداری داوە لە مەترسییەکەی و بە هۆکاری گەندەڵکردنی ئومەتەکەی داناوە.

ئەوەی سەرنجراکێشە ئەوەیە کە خودی (پێغەمبەرﷺ) هیچ کات ئارەزوویی دروستکردن و بە خەمکردنی کۆشك و باڵەخانەی نەبووە، بەڵکوو ژیانی لە ماڵێکی زۆر سادە دا بەسەر بردووە، لە هەمان کاتتدا، ویستووشیەتی کە موسڵمانان دەست بە هەمان سادەییەوە بگرن. (پێغەمبەرﷺ) ئەو ژیانە سادەییەی فێرکردووین و خۆشی لە هەمان ژیاندا ژیاوە. خۆ ئەگەر (پێغەمبەرﷺ) ویستبای ئەم پێشبینییەی ببێتە ڕاستی، دەبوو دەستی بکردایە بە هاندانی عەرەب بۆ دروستکردنی باڵەخانەی بەرز و خۆشی یەکەم کەس بووایە کە دەستی بەو کارە بکردایە. بە ڕوون و ئاشکرا دیارە کە ئەم پێشبینییە لە خۆوە نەکراوە.

پێغەمبەر (محمد ﷺ)، هەندێک هەواڵی داهاتووی پێدراوە، مرۆڤایەتی لە هاتنی ڕۆژی دوایی ئاگادار کردوەتەوە. ئێمە ئێستا لەو ڕۆژانی کۆتاییە داین، هیچ کام لە ئێمە بۆ هەمیشە ناژی.هەمووما‌ن دەبێت بزانین کە کۆتایی نزیکە. بەڕاستی کات زۆر خێرا دەڕوات.

ASTANA

## ئـامـــادەكاری

أَنَّ أَعرابيًّا قَالَ لرسول اللَّه ﷺ: مَتَى السَّاعَةُ؟

پیاوێكی ئەعرابی لە (پێغەمبەر ﷺ) پرسی: ڕۆژی دوایی چ كاتێكە؟

قَالَ رسولُ اللَّه ﷺ: مَا أَعْدَدْتَ لَهَا؟

پێغەمبەر فەرمووی: چیت بۆ ئامادەكردووە؟

قَالَ: حُبُّ اللَّهِ ورسولِهِ

پیاوەكە وتی: خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەكەی.

قَالَ: أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ[1]

پێغەمبەر فەرمووی: لەگەڵ ئەوە دەبیت كە خۆشتدەوێت.

ئەوەی لەم فەرموودەیەوە فێردەبین ئەوەیە كە ئەگەر ئێمە خودا و پێغەمبەرەكەیمان خۆشبووێت، ئەوە پارێزراو دەبین.

خۆشەویستی ڕاستەقینە بە تەنیا بیروباوەڕ نییە بەڵكو كرداریشە. بێگومان دەبێت شوێنی كۆتا پێغەمبەر بكەوین تاوەكو سەلامەت و پاریزراو بین.

﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الأحزاب: ٢١)

---

(١) رواه البخاري ٦١٧١

سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بۆ ئێوە هەیە سەر مەشقی و پێشەوایەتی چاک بۆ کەسێ بەهیوای خواو (پاداشتی) ڕۆژی دواییە و زۆر یادی خوا دەکات.

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ . قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ (آل عمران: ٣١-٣٢)

ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت کەواتە دوای من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێت وە لە گوناهەکانتان خۆش ببێت وە خوا لێخۆشبووی میهرەبانە.

بڵێ: جێبەجێی فەرمانی خوا و پێغەمبەر بکەن ئینجا ئەگەر پشت هەڵکەن ئەوە بێگومان خوا بێ بڕوایانی خۆش ناوێت.

ASTANA

# نێــوەڕۆک

پێشکەشە بە ........................................................................ ٥
دواهەمین نێردراو ..................................................................... ٧
(ببورە سەرقاڵم، کاتم نییە)................................................................. ٧
١- ئایا (محمد ﷺ) درۆزنێك بوو؟............................................... ٩
٢- ئایا (محمد ﷺ) خەڵەفاو بوو؟................................................ ١٤
٣- کەسێکی ڕاستگۆ بوو؟...................................................................... ٢٠
پێشنیی بۆ داهاتووی عەرەبە دەشتەکییەکان .................................. ٢١
ئـامــــادەکاری ........................................................................ ٢٦

ASTANA